# گڵۆپی سمارت بە ویستی بەکارهێنەرەکەی

گڵۆپەکان لە داهاتوودا بەرەو سمارت دەچن، خۆیان لەگەڵ کەشوهەوای شوێنەکە دەگونجێنن، ئەگەر تاریك بێت خۆیان رووناکی پێویست بە شوێنەکە دەبەخشن، ئەگەر رووناکیش بێت یان دەکوژێنەوە یان تیشکیان کەم دەکەنەوە..

گڵۆپی هۆشمەندی fluxo یەکێکە لەم گڵۆپانە، بۆ سوودوەرگرتن لەم گڵۆپە پێویستە پرۆگرامێك لەسەر مۆبایل دابەزینی و ئەوکات کۆنترۆڵی گڵۆپەکە بکەی، بەهۆی پرۆگرامەکە نەك رووناکی بەڵکو دەکرێت رەنگی رووناکییەکەش بگۆڕی.



# یاری تێنس لە جیهانی مەجازیدا



ئەگەر تۆ یەکێکی لەو کەسانەی کە هۆگری یاری تێنسی، بەڵام مێز و کەرەستەی تێنس کردنت نییە، ئەگەر لە جیهانی واقعیشدا نەتوانی یارییەکە ئەنجام بدەی دەتوانی بەهۆی ئامێری Virtual pong لە جیهانی مەجازیدا ئەنجامی بدەی. یارییەکە لە جیهانی مەجازیدا وەك جیهانی حەقیقی وایە. تۆپێك کە لە راستیدا رووناکییەکە لە شێوەی تۆپ بەهۆی (راکێت)ی ئەلکترۆنی واتە ئەو کەرەسانەی لە جیهانی واقیعیدا لە تۆپی دەدەی، دەتوانی لە رووناکییەکەی بدەی، تەنانەت دەتوانی یاری دوو کەسیش بکەی.. ئەگەر رووناکییەکە بە بەربەستێك بکەوێت وەك تۆپی ئاسایی دەگەڕێتەوە.





# هەتا نیومانگ شەحنی دانابەزێت!

لە مۆبایلدا رەنگە بۆ زۆر کەس گرنگترین بەشی باتری و دانەبەزینی شەحن بێت و لایەنەکانی دیکەی بەرچاو نەگرێت، مۆبایلە هۆشمەندەکان یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانیان زوو دابەزینی باترییە، هەرچەندە هەوڵدراوە بەهۆی (پاوەربانك) یان باتری زیادە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت..

کۆمپانیایەکی زۆر نەناسراو لەم دواییەدا مۆبایلێکی بەرهەم هێناوە کە بە جۆری Qukitil K١٠٠٠٠ ناسراوە، ئەم مۆبایلە هەتا ١٥ رۆژ لەکاتی پێوەندی کردن سەیرکردنی فیلم و گوێگرتن لە گۆرانیدا و هەتا مانگێك لە کاتی دیکەدا شەحنی دانابەزێت.. مۆبایلەکە لە یەك کاتدا دەتوانێت وەك پاوەربانکێکیش وزە بۆ سێ مۆبایلی دیکە دابین بکات یانی سێ مۆبایلی دیکە شەحن بکاتەوە، ئەوە زۆر سروشتییە مۆبایلێکی ئاوا ماوەی ٣ کاتژمێر و نیودەخایەنێ هەتا شەحن دەبێتەوە. تایبەتمەندییەکانی دیکەی مۆبایلەکە شاشەیەکی ٥,٥ ئینجی، کامێرای ٨ مێگاپیسکلی و رامی ٢ گێگابایت و میمۆری ١٦ گێگابایتە، جگە لەوەش دوو سیمکارت دەخوێنێتەوە و سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە..






# یادداشتەکانت لە مۆبایلدا بەدەستخەتی خۆت بنووسە

پرۆگرام گەلێك بەواتایەكی دیكە ئەپلكەیشنێكی زۆر هەیە كە بەهۆیەو دەكرێت یاداشتی رۆژانەتی پێ یاداشت بكەی.. یەكێك لەو پرۆگرامانە lectureNotesە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە پێویست ناكات تایب بكەی، بەڵكو بەدەستی خۆت یاداشتەكات دەنووسی.. دەكرێت بە قەڵەم یان بە پەنجەی خۆت بینووسی. ئەم پرۆگرامە بۆ قوتابیان زۆر باشە، هەروەها بۆ ئەوانەی كە توانای ئەوەیان نییە بە خێرایی تایب بكەن. جگە لە نووسین دەتوانی نەخشە و وێنەی پێبكێشیەوە.




# مەتر و فووتە لەسەردەمی دیجیتالیدا

هەمیشە بۆ پێوەری رووبەر و مەودای دوو شت، یان بزانیت ئەو تەنە جا هەرچییەك بێت چەند مەترە پێویستت بە فووتە یان مەترە.. كە جیهان بەرەو سەردەمی دیجیتالی بڕوات و تەكنەلۆژیای نوێ بیری لە هەموو شتێك كردبێتەوە، دیارە پێوەری رووبەریش بیری لێكراوەتەوە.. هەرچەندە كامێرای پێوەر هەیە بۆ زانینی مەوداكان.. بۆ نموونە سیستەمی كامێرای هاتووچۆ..

ئامێری finger كە بەمانای پەنجە دێت، ئامێرێكە بۆ پێوان و ئەندازەگرتن و رۆڵێكی گرنگ دەبینێت لە دیاری كردنی ئەندازەكاندا.. ئیدی پێویستت بە راستە و مەتر نامێنێت.. دوو گوستیلە لە پەنجەكانت بكە و بەهۆیەوە ئەندازەی مەوداكان بزانە.. بەڵام ئەگەر نیازت هەبێت مەودایەكی دوور بزانی، پێویستە یەكێك لە گوستیلەكان بە كەسێكی دیكە بێت و ئەوەی تر لە پەنجەی خۆتدا بێت، بەرامبەرەكەت لە كوێ بێت بەهۆی گوستیلەكەوە دەزانرێت چەند مەترە..

# هەر لەماڵەوە جلی سوپەرماركێتەكان لەبەر بكە

چەند ساڵێك دەبێت تەكنەلۆژییەك لە سۆپەرماركێتە گەورەكاندا ئەوانەی تایبەتن بە جلفرۆشتن هەیە كە بەهۆیەوە بەكارهێنەر لەبەر شاشەیەكی مەزن كە وەك ئاوێنەیەك دەچێت رادەوەستێ و هەر بە پەنجە ئاماژە بە جل وبەرگەكانە دەكات كە لەشاشەكە دەبینرێن و خۆی وەك كارەكتەرێك لە شاشەكە نیشاندەدرێت وەك ئەوەی كە جلەكانی لەبەردابێت، ئیدی پێویست ناكات جلەكانی خۆی داكەنێ و تاقیان بكاتەوە، هەربەهۆی ئەو تەكنەلۆژییەوە خۆی دەبینێت بەو جلانەی كە مەبەستیەتی.. ئێستاكە ئەو تەكنەلۆژیە بەهۆی پرۆگرامێك بەناوی The mall و كامێرای كۆنسۆلی ئێكس باكس وان دەتوانی هەر لەماڵی خۆتەوە ئەو كارە ئەنجام بدەی و جلی سوپەرماركێتەكان ببینی و بەشێوەی مەجازی لەبەریان بكەی.. ئەگەر دەستنیشانیشت كرد زانیارییەكان بەهۆی مۆبایل بۆ سۆپەرماركێت بەرێ كە و بۆت دێتەوە بەر دەرگای ماڵەوە..




## تەكنەلۆژیای نوێ بۆ پاڵاوتنی هەوا

لە داهاتوودا كێشەی سەرەكی مرۆڤ هەر تەنیا پیسبوونی ئاو نییە، بگرە نەبوونی هەوای پاك و ژینگەی پاكە... هەر لەمساڵدا كۆنفرانسی گەورەی پاریس بۆ رووبەڕووبونەوە لەگەڵ پیسبوونی ژینگە و پاكی هەوا ئەنجامدرا.. كۆمپانیا گەورەكانی بەرهەمهێنی تەكنەلۆژیای لەمێژە هەوڵەكانیان بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری پاڵاوتنی هەوا چڕ كردووە.. كۆمپانیای ئێل جی چەند ئامێرێكی بەناوی «ئایكوا، ئایەرباسن و مۆن بلان» بەرهەم هێناوە بۆ ئەوەی كە ژینگەیەكی پاك هەر نەبێت لە ماڵەوە دروست بكات. پاڵاوتنەكە ئەو گەردیلە زیانبەخشانە دەپاڵێوێ كە بە چاوی ئاسایی نابینرێن، یان دووكەڵ و هەوای ناپاك هەڵدەمژێت و تەنانەت بۆنە ناخۆشەكانیش ناهێڵێت، لەگەڵ ئەوەشدا ٩٩٪ باكتری و ڤایرۆسەكان لەناو دەبات.. بەهۆیەوە زۆربەی نەخۆشییەكانی وەك ئەنفلونزا، پەسیو..لەناو دەچن.. تەنانەت دەگوترێت پێشگیری لە نەخۆشی شێرپەنجەش دەكات.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

**بەرێزێك دەپرسێت، لەو كاتەوە كە ویندۆز١٠م خستۆتە سەر كۆمپیوتەرەكەم، ئایكۆنی MY COMPUTER بەهیچ جۆرێك نایەتە سەر دیسكتۆپ، چ بكەم بۆ ئەوەی كە ئایكۆنەكە بێتە سەر شاشە؟**

خوێنەری بەرێز ئەوە راستە كە كاتێك ویندۆز١٠ دادەبەزینی ئەم تایبەتمەندییەی نییە واتە وەك ویندۆزەكانی دیكە نییە كە ئایكۆنە بەر لەهەموو شتێك لەسەر شاشە بێت، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لە شوێنێكی بەتاڵ لەسەر شاشە كلیك راست بكەی و دواتر فەرمانی PERSONALIZE لێبدەی، دواتر كلیك لەسەر THEMES بكەی و دواتر فەرمانی DESKTOP ICON SETTING بكەی، دواتر كلیك لەسەر COMPUTER بكە و OKی دابگرە، ئیدی تەواو..






## سایتی کتێبخانەی دیجیتالی جیهانی

یەکێك لە سایتە گرنگەکان بۆ ئاشنابوون بە کەلتوور و فەرهەنگی گەلان، سایتی http://www.wdl.org/en یە لەم سایتەدا گەنجینەیەك لە کەلتووری گەلان وەك دەقە دەستنووسەکان، نەخشە و کتێبە نایابەکان، مۆسیقی و فیلم، وێنە و بیناسازی هەیە.. هەندێك لە دەستنووسەکان دەگەڕێنەوە بۆ هەشت هەزار ساڵ بەر لە زایین، ئەگەر سەر لە سایتەکە بدەی تەنیا ئایکۆنە بچووکەکان دابگرە و بابەتەکە دەبێتەوە.



## هەموو لاپتۆپێک دەبێتە لەمسی

مێژووی لاپتۆپی لەمسی واتە (تۆچ) بۆ چەند ساڵێك دەگەڕێتەوە، زۆر کەس ئەوانەی حەز ناکەن ماوس بەکاربێنن لە شاشەی لەمسی لاپتۆپەکانەوە سوود وەردەگرن.. بەهۆی ئامێری Airbar دەکرێت هەموو لاپتۆپێك واتە ئەوانەی لەمسیش نین بکرێن بە لەمسی.. سینسۆری جۆری AirBar بۆ سایزی ١٥,٦ شاشەی لاپتۆپەکان دەگونجێت، بە دانانی ئامێرەکە لەژێر شاشەکە، مەیدانێکی رووناکی نادیار لەسەر شاشەکە دروست دەبێت، بەکارهێنەر بە دەستدان لە هەر بەشێکی شاشەکە، ئامێرەکە هەستی پێدەکات و فەرمانەکە جێبەجێ دەکات.. بەکارهێنەر دەتوانێ لە دەستەوانە، یان قەڵەمیش سوود وەربگرێ ئەو تایبەتمەندییە شاشە لەمسییەکانی دیکە نیانە..

## کامێرایەک بۆ گرتنی وێنەی پانۆرامایی

وێنەی پانۆرامایی بەو وێنانە دەگوترێن کە هەرچوارلایەنی دیمەنێك دەربکەوێت، واتە کاتێك وێنەی ژوورێك دەگرێت هەموو بەشەکانی ژوورەکە بە سەقف و خوارەوەش بگرێت، زۆربەی مۆبایلەکان ئەو تایبەتمەندییەیان تێدایە کە دەتوانرێت وێنەی پانۆرامایی بگرن.. لەم یەك دووساڵەی دوایشدا کامێرای تایبەت بە گرتنی وێنەی پانۆرامایی بەرهەمهاتوون.. یەکێك لەو کامێرایانە کامێرای جۆری Theta Sە. کامێراکە وێنەی ٣٦٠ پلەیی دەگرێت، کوالیتی زۆر لەسەرێیە. دەکرێت وێنەکە هەر ئەوکات لە یەکێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبکەیەوە.. کوالیتی وێنەکە ١٤ مێگاپیکسلە. ڤیدیۆکان بە کوالیتی فول ئیچ دی دەگرێت، جێگای ئاماژە پێدانە فیلمەکانیش هەر بە پانۆرامایی دەگرێت.. بەهۆی سیستەمی وای-فایەوە دەتوانرێت وێنەکان بە خێراییەکی زۆرەوە بۆ ئینتەرنێت یان بۆ ئامێری دیکە بگوازرێنەوە.